# بەدەستهێنانی خەڵاتی نۆبڵ ەرای نایەوە




مۆنالیزا فەریحە

**سڤێتلانا ئەلێکسڤیچ ئەدەبێکی نوێی داهێناوە کە فۆرمی رۆژنامەوانی تێپەڕاندووە ئەگەر کتێبەکانیشی لەسەر رەفەی کتێبخانەکان لاببرێن ئەوا بۆشاییەك دروستدەکەن**

سەرباری ریزبەندکردنی ناوی لە لیستی پێشبینی بۆ ساڵی 2015 لەتەك رۆمانووسی ژاپۆنی هارۆکی مۆراکامی و ژنە رۆماننووسی ئەمریکی جویس کارۆل ئۆتس، کاتێك سڤیتلانا ئەلێکسڤیچ ژنە نووسەری بیلاروسی خەڵاتی نۆبڵی ئەدەبی بەدەستهێنا، ناوەندە ئەدەبییەکانی لەجیهاندا گیرکرد.ئەو بەواتای پەتی ئەدەبی رۆمانووس نییە، هەروەك چۆن بەدەستهێنانی ئەو خەڵاتە لەلایەن ناوبراوەوە، بووە مایەی تەحەفوزی هەندێك و پێیانوایە ئەو نوێنەرایەتی راستی ئەدەبی روسی، یان بیلاروسی ناکات و ناکرێت ناوی لەخانەی نووسەرەگەورەکانی روسدا ریزبەندبکرێت، کە ئەوانیش ئەو خەڵاتەیان بەدەستهێناوە لەوانەش- بۆریس پاسترناك (1958)، کە لەلایەن رژێمی بەلشەفییەوە ناچارکرا رەتیبکاتەوە، هەروەها ئەلکسەندەر سۆلجنتسین(1970) و ئەوانیتر.

هەندێك لەنووسەرانی رووس پێیانوایە هۆکاری بردنەوەی خەڵاتەکە لەلایەن سڤیتلانا ئەلێکسڤیچەوە پەیوەندی بەو ململانێیەوە هەیە، کە لەگەڵ سەرۆکی بیلاروسیا ئەلکساندەر لۆکاشینکۆ و ڤلادیمیر پۆتینی سەرۆکی رووسیا هەیەتی، کە رەخنەیەکی توندی لەو نووسەرە گرت، ئەمە جگە لەوەی خەڵاتەکە لەسەر بنەما سیاسی و ئایدیۆلۆژییەکان دەبەخشرێت. سەرنووسەری رۆژنامەی زافترا، ئەلکساندەر برۆخانۆڤ دەڵێت:» خەڵاتی نۆبڵ بەپێی ئەجندەی سیاسی دەبەخشرێت نەك بەپێی نۆرم و نووسینی ئەدەبیی هاوچەرخ و شێلگیرانە، دیسان بەپێی بەهای زمانەوانی و ئەخلاقی نابەخشردرێت» بەڵام سەرۆك ئەلکساندەر لۆکاشینکۆ خۆشحاڵی خۆی لەبەرامبەر بەدەستهێنانی ئەو خەڵاتە لەلایەن ئەو ژنە نووسەرەوە پیشانداو دەڵێ زۆر بەراستگۆییەوە خۆشحاڵم بەسەرکەوتنت، بەهیوام ئەو خەڵاتە یارمەتیدەری دەوڵەت و گەلی بیلاروسیا بێت.





بەڵام هەڵبژاردنی ناوی سڤیتلانا ئەلێکسڤیچ لەلایەن ئەکادیمیای سویدییەوە بەو بیانووە بوو، کە ئەو خاوەنی ئەدەبێکی فرە دەنگە و شایەتحاڵێکە بەسەر ئەشکەنجەو ئازایەتی لەسەردەمی ئێستاماندا. هەروەك لە بەیاننامەکەی ئەکادیمیای سویدیدا هاتووە.

خاتوو سارە دانیوس سەرۆکی لیژنەی ئەکادیمیای سویدی دەڵێت»سڤیتلانا ئەلێکسڤیچ ئەدەبێکی نوێی داهێناوە کە فۆرمی رۆژنامەوانی تێپەڕاندوەو

ئەگەر کتێبەکانیشی لەسەر رەفەی کتێبخانەکان لاببرێن ئەوا بۆشاییەك دروستدەکەن» وەك ئاژانسەکانی هەواڵیش ئاماژەیان پێکردبوو، سڤیتلانا بەر لەدوو کاتژمێر لەراگەیاندنی خەڵاتەکە، لەپەیجی خۆی لەتویتەر بڵاویکردبوەوە، کە خەڵاتی نۆبڵی بەدەستهێناوە و ئەوەش لەنێو تۆڕە کۆمەڵایەتیەکاندا دەنگدانەوەی جۆراو جۆری هەبوو.

هەرچی گۆڤاری لۆنۆفیل ئۆبسرڤاتۆری فەرەنسی لەسایتی خۆی بڵاویکردبوەوە، ئەوەی سڤیتلانا لەبارەی خەڵاتەکەوە رایگەیاندبوو بۆئەوەبوو

**پاڵەوان نیم هەموو ئەو**
**دەنگانە بەدوام کەوتوون و**
**بۆچەند ساڵێك پێمەوە لکابوون**
**بۆ ئەوەی ئەم شاکارە**
**لەکتێبەکان بنووسم**



خەڵاتەکەی پێنەدرێت، چونکە ئەو بێدەنگییە کۆتایی پێدێت، کە لەسەر پرسی خەڵاتەکە لەئارادابوو، بەڵام لیژنەی ئەکادیمیای سویدی خەڵاتی ئەو ژنە نووسەرەی کرد و جەختی لەوەشکردەوە، کە سڤێتلانا نووسەرێکی دەروەستە لەبەرانبەر پرسەکانی کۆمەڵگەو راوەستانەوەی دژ بەجەنگ و توندوتیژی و درۆکردن. هاوکات لیژنەکە کارەکانی سڤێتلانای بە پارچە مۆزیکێك شوبهاندووە.

سڤێتلانا بەواتای کلاسیکی، یان نوێ رۆمان نانووسێت، بەڵکو ئەدەبێك دەنووسێك، کە دەکەوێتە سەر سنوورەکانی نووسینی دۆکیومێنتەری رۆماننووش و لەوەشدا پەنای بۆ هونەری ریپۆرتاژی رۆژنامەوانی بردووە و لەوەشەوە پشتی بەچیرۆکی واقیعی و راستەقینە بەستووە. لەوبارەیەوە ئەو ژنە نووسەرە دەڵێت»رووەو مرۆڤ برۆ تا بەپەنهانی و نهێنیەکانی بگەیت، لەرۆحەوە بەرەو رۆح برۆ چونکە هەموو شتێك لێرەدا روودەدات (لەم رۆحەدا) « لەساڵی 2013دا رۆژنامەی لۆفیگارۆی فەرەنسی دیدارێکی لەگەڵ سڤێتلانا سازکرد، پاش ئەوەی کتێبی (کۆتایی پیاوە سوورەکە) بۆ سەر زمانی فەرەنسی وەرگێردرا، کە ئەوەش بەگرنگترین دیداری رۆژنامەوانی دادەنرێت، کە رۆژنامەیەکی بیانی لەگەڵ ئەو ژنە نووسەرە سازیکردووە. لەو دیدارەیدا سڤێتلانا رایگەیاند: جەنگ تەنیا بابەتی قسە لەسەرکردن بوو لەلای خێزانەکان. باپیرم لەدایکەوە لەو شەڕەدا کوژرا، داپیرەشم لەدایکەوە لەلایەن نازییەکانەوە کوژرا. لە هەرچوار کەس لە بیلاروسیا یەکێکیان کوژرا، لەمیانەی ئەو تراژیدیایە بزوتنەوەی بەرگریکردن زۆر بەهێز بوو. لەپاش جەنگیش ئێمە دەترسیان بچین بۆ ئەو جەنگەڵانەی کە مین رێژکرابوون. لەو ماوەیەدا نەخۆش و کەمئەندامەکان دەربەدەربوون و سواڵیان دەکرد، چونکە پەناگەو خانوویەکیان نەبوو. تا ساڵی 1960 بەو شێوەیە مانەوە بەر لەوەی هەموویان بمرن. لەماوەیەکی زووشدا ئەوانەبوونە جێی بایەخی من کە مێژوو ئاوڕی لێنەداونەتەوە، ئەو کەسانە لەتاریکیدا دەهاتن و دەچوون، بەبێ ئەوەی هیچ شوێنەوارێك لەدوای خۆیان بەجێبهێڵن و داوای هیچ شتێکیشیان لێ نەکرا. باوکم و هەروەها داپیرەشم چیرۆکی زۆریان بۆ گێڕاومەتەوە، کە زۆر سامناکترن لەوەی کە من لەکتێبەکەمدا تۆمارمکردوون. ئەو مەسەلەیە لەمنداڵیمدا تووشی شۆکی کردم و یادەوەریمی بۆهەمیشەیی مۆرکرد. لۆفیگارۆ پرسیاریکرد لەبارەی هەر پێنج کتێبەکەیەوە کە لەماوەی 30ساڵدا نووسیوونی و بە هەزاران شایەتیشی لەخۆگرتووە، کە ئەوەش بوونەتە مایەی رەخنە لێگرتنی و تەنانەت سکاڵاشی لەدژ تۆمارکراون، کە هەمووشیان پێکەوە بوونەتە پرۆژەیەکی دەگمەنی، لەوبارەیەوە دەڵێت:»زۆرجار هەستمدەکرد خاوەنی ئەو هێزە نیم کە بگەمە کۆتایی پرۆژەکە. بیرمە رۆژێکیان لەگەڵ ژنێك قسەم دەکرد کە بۆماوەی 15ساڵ لەنێو یەکێك بەندیخانەکانی سەردەمی ستالین زیندانی کرابوو، کەچی سەرباری هەموو شتێك بەردەوام بوو، چونکە لەسەروو هەموو شتێکەوە بوو. منیش بەو هۆیەوە گریام. دیسان لەبیرمە کە گەنجانێکم دەبینی لەسەنتەر یچیرنۆبیل لەپاش کارەساتە بەبێ پارێزگاری لێکردنی تایبەت کاریان دەکرد. هەروەها نەخۆشخانەکانی ئەفغانستانیشم لەیادەو بەچاوی خۆشم ئەو کارە بێزراوانەم دەبینی کەسەربازەکان دەیانکرد و ئەوانەش وایاندەکرد، بۆچەند جارێك لەهۆش خۆم بچم. من پاڵەوان نیم هەموو ئەو دەنگانە بەدوام کەوتوون و بۆچەند ساڵێك پێمەوە لکابوون بۆ ئەوەی ئەم شاکارە لەکتێبەکان بنووسم. ئایا تۆ هەڵە نیت لەوەی ئەو کارە سەرچڵییەت کردووە؟ لەمرۆدا هەستدەکەم لەوە ئازادبووم.

**سەرچاوە: رۆژنامەی ئەلنەهاری لوبنانی**



